وەزیری دەرەوە لە تارانەوە: دۆخی عەرەبی کارەساتبارە، ئەمەش لە لوتکەی بەغدا واقیعانە مامەڵەمان کرد

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق ئەمڕۆ دووشەممە ڕایگەیاند، دۆخی ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی، وەک لوبنان، لیبیا، سوریا و کەرتی غەززە،جێگەی داخە، ئاماژەی بەوەشکرد، "عێراق لە میانی بەشداریکردنی لە لوتکەی عەرەبی لەم دوایانەدا کە لە بەغدا بەڕێوەچوو، ڕێبازێکی واقیعی گرتەبەر".

فوئاد حسێن لە میانی بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی دیالۆگی نێودەوڵەتی تاران، کە موتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕوونیکردەوە، "بە واقیعبینی و بەرپرسیارێتییەوە نزیکبوینەتەوە لەو پرسانەی وروژێنراون، چونکە ئەو قەیرانانەی وڵاتەکانمان تووشی دەبن، پێویستیان بە چارەسەرێکی کردەیی هەیە، دوور لە دروشمەکان".

وەزیری دەرەوەی عێراق جەختی لەوە کردەوە کە "سەقامگیری ناوچەکە بەبێ چارەسەرکردنی قەیرانە درێژخایەنەکانی ئەم وڵاتانە بەدی نایەت"، ئاماژەی بەوەشکرد "عێراق هەوڵدەدات دیدگاکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە و گرژییەکان لە پێگەی خۆی وەک دەوڵەتێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە".

سەبارەت بە لوتکەی عەرەبی لە بەغدا کە شەممەی ڕابردوو کۆتایی بە کارەکانی هێنا،ئاماژەی بەوەکرد، بەشداریکردنی هەموو وڵاتانی عەرەبی لە لوتکەی بەغدا نوێنەرایەتی "سەرکەوتنێکی دیپلۆماسی بۆ عێراق" دەکات، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەم ئامادەبوونە گوزارشت لە گەڕانەوەی عێراق دەکات بۆ

پێگەی سروشتی خۆی وەک دەوڵەتێکی چالاک و کاریگەر لە ناوچەکەدا.

حسەن ئاماژەی بەوەدا کە: "کۆبوونەوەی عەرەبی لە بەغدا تەنیا ڕووداوێکی پرۆتۆکۆڵ نەبوو، بەڵکو سەکۆیەکی ڕاستەقینە بوو بۆ گفتوگۆی هاوبەشی عەرەبی".

ئاماژەی بەوەشکرد، عێراق ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە ئامادەکردنی کەشوهەوا بۆ ئەم لووتکەیە و کۆکردنەوەی لایەنە جیاوازەکان لەژێر یەک بنمیجدا.

وەزیری دەرەوە هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە "عێراق هەوڵدەدات هاوسەنگی نوێی ناوچەیی بنیات بنێت لەسەر بنەمای کراوەیی و لێکتێگەیشتن و هاوکاریی یەکتر"، جەختیشی لەوە کردەوە کە "قۆناغی ئێستا پێویستی بە بەهێزکردنی کەناڵەکانی گفتوگۆ هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە بەکۆمەڵەکانی بەردەم ناوچەکە".